# بریڤ
# بۆ فەرهاد پیربالْ

نووسینی: شێرزاد هەینی ـ سوید
Sherzad55@hotmail.com




وێنەی فەرهاد و شێرزاد لە بەرلین

کە لە سەفەرەکانی هەولێرم دەگەرامەوە، لێیان دەپرسیم هەولێر چۆنە ...؟؟! لەو شارە چی هەیە، منیش زۆرم لەسەر هەولێر لا گلاڵە ببوو، تا وەک نمونەی باسیان بکەم، یەکێک لەوانە پەیدابوونی دیاردەی دکتۆر فەرهاد پیربالْم بۆ باسکردن، پێم وتوون:

لەو شارەدا کارگەیەکی وشەو کتێب و نووسین هەیە، خاوەنەکەی و دامەزرێنەرەکەی و بەرهەمهێنەرەکەی، شاعیرێک و نووسەرێک و زماندرێژێک و پیاوێکی ئازاو دکتۆریکی و خاوێن و پیسوپۆخلە، ناوی دکتۆر فەرهاد پیربالْە .

ئەو پیاوە، ئەو قەلەمە ئازایە، رۆژانە گۆشەی هزرو بیرو ئامۆژگاری و رەخنەو جنێو دەنووسێت، مانگانەش کتێبێک بلاْودەکاتەوە، هەر نیو سەعاتێک جارێک لە رادیۆیەک، هەموو ئێوارەو شەوانێک لە سەر شاشەی رەنگاورەنگی تەلەفزیۆنە لۆکالەکانەوە، ئامۆژگاری و مێژووو پەروەردەو پێشنیارو گازاندە دەلْێتەوە، ماوە ماوەش وەک خۆی پڕ بە قوورگی دەلْێت، لە سەر پشتی باوە، لە زۆر شارو شارۆچکەکان هەموویان کۆدەکاتەوەو قسەی گەورەو راست و نەترسی و ئازایی دەلْێتەوە، راناوەستێت، ناخەوێت، نان ناخوارت، خۆی ناشوات، وەک جنۆکە لە هەموو شوێنێک پەیدا دەبێت و دەنگی دێت و دەجولێتەوە........

ئەو پیاوەی هەموو دەمێ سمێلە دڕەکەی و ریشە جوانەکەی تێکەلْێ یەکتر کردووە، هاوینان نەعلێکی ئەستووری لە پێیەو هەر خشەی دێت، زستان و بەهارانیش بە پێلاْوی ئەدیداسی وەرزشانەوە دەبینیرێت، بەهارانیش پێخواسە. پێش ئەوەی ئۆتومبێلی هەبووبێت، باوەش بە کتێبەوە لە هەموو شوێنێکەوە ئامادەبوو، ئەو نووسەرە کەم بابەت و

ڕەوش و ترسناکی و کەلتوورو نەخۆشی  و لاری و کەماسی و گەندەلی نەماوە، ئەو ئازایانەو بێ شەرمانەو بێ دوودڵی لەسەریان نەنووسیبێت.

 ئەو نووسەرە ئەگەرچی فەمیلیەکی جوان و خانوویکی چاکی زانکۆو ماڵێکی خاوێنی ڕاخراوی باش و دوو کوڕی جوان و خاوێن و ژنێکی شایستەی کابان و نووسەریشی هەیە، بەڵام  وا دیارە تەنها دەژی، ماڵی نەبێت، ژن و مناڵی نەبێت، ئۆتومبێل و کتێبخانەو خزم و برادەری نەبێت، چونکە لە هەموو شارو شارۆچکەو کولێژو زانکۆ، ( تەنیا لەو زانکۆی تێدا مووچەی مانگانەی لێوەردەگرێت )، دەبینرێت و دەنگی دێت و هاوار دەکات و دەست لە شان و ملی گەورەو گچکەکان دادەنێت و دیارو ئامادەیە.

 ئەو فەرهادە تەنهایە لەو بێستوونە سەختە گیری خواردووەو تەنها ماوەتەوە، ئەگەرنا ئەو قەلەمە چۆن بەو هەموو نووسینە باشانە، بەو کتێبانە، بە سەوداو بەدواچوونی چاپ و پارەو کڕین و فرۆشتن و پاکنووس و نووسینەوەیان ڕادەگات، چۆن فایلەکانی ناو کۆمپیوتەرەکەی دەدۆزێتەوە، خاوەنی ئەو کارگەیە بەرهەمەکانی چۆن ساخ دەکاتەوە، شەریکەکانی، خاوەنەکانی، سەندیکاو  ژن و ماڵەوەو براکانی چۆن بەسەردەکاتەوە.

فەرهاد بە زۆر لایەنی کۆمەڵایەتی ڕاگەیشتووە، ئەو شارە گەورەیە هێنایە تەماشاو دونیای سەرقاڵکردو ویستی بۆ ئاشتی و تەبایی خۆی بسوتێنێت،  سوتان و ئاگردانی لە پێش پارێزگا دامەزراند، بە رووتی لە پێش دەروازەی ئیبراهیم خەلیل ڕووبەڕووی سوپای تورک ڕاوەستاو ویستی سامی ئەو وڵاتە ئەندامەی ناتۆ بشکێنێت، جنێو و گلەیی بە باش و بە خراپ و بە مەلاو سەرۆکی زانکۆو سەرۆکی .. داوە، کەس نەماوە لە نووسینەکانی ئەو ناوی نەهاتبێت، مولازم و مناڵبازو جاش و پاریس و ئەوروپاو گومرگ، گەورە نووسەرانی سویدی و دانیمارکی و فەرەنسی و ڕووسی و عەرەبی دەناسێت، لەگەڵ زۆریان وەک خزم و ئامۆزای لێ هاتووە، لەگەڵ هەموو قەومەکانی ئەو دونیایە شارەزایی هەیە، بە سێ چوار زمان دەنووسێت و دەخوێنێتەوەو تەرجمە دەکات.

 هەولێرییەکان سەد دوعاو نزای پیرەژنانەیان کرد نەبێتە پەرلەمانتارو ئەو ئیشە قورس و ئاسانەی نەکەوێتە دەست، ئەگینا سارد دەبۆوە، ئەگەر ئێستا لە پەرلەمان بوایە بەو هەموو بەرهەم و کارو گەڕان و سۆڕاخانە ڕانەدەگەیشت، زوو خۆی کاندیدکرد، بەڵام خۆشبەختانە دەرنەچوو. دووبارە دوعا بکەنەوە دووبارە بۆ پەرلەمانی داهاتوو خۆی کاندید نەکاتەوە، چونکە ئەمجارە زۆرتر هاواری کردووە، زۆرتر باسی ژن و مناڵ و گەنجەکانی کردووە، حەیزەرانەکانی ئاشکراکردووە، لاپەڕەکانی مێژووی شکۆی هەولێری لەسەر زاری پیرباڵ قەسابی باوکی گێراوەتەوە، ئەو جارە بە کەچە ئۆتومبێلەکەیەوە بۆ دەرس وتنەوە گەیشتۆتە خانەقین، ئەو جارە لە هەموو گۆڤارەو ڕۆژنامە کەسک و زەردو ملونەکان گۆشەی جوانی نووسیووە، ئەو جارە دەستی لە زۆر کونی شاراوو ترساوو پێچراوو قەدەغەکراوو لادراوو نەزانراو وەرداوە.

ئەو پیاوە زۆرتر لە چەند ڕێکخراوو سەنتەرو کۆبوونەوەو سیمینار کاریگەری داناوە، دەستی ئەو، گوێی زۆری ڕاکێشاوە، دەستی زۆری کوشیوە، ملی گەندەڵی ئەستووری پێچاوە.

شیعری ئەو زوو هەموو کەس لەبەری دەکەن و خۆیان لەناویدا دەدۆزنەوە، نووسینەکانی بۆنی وڵاتانی دوورو نزیکی پێوەیە، ناوی مردوو و زیندووی هێناوە، لە پشت دەریاوە، لەناو زەریاوە، لە تەنیشت شارەوە، یاری بە وشەو وێنەو جوانی و تووڕەیی دەکات و ناوەستێت! فەرهاد پیرباڵ هەندی باڵەخانە گەورەو جوان و گرانەکان و هەندی هەرزانی و گرانی و جوانی و ئاژاوەو نارێکی و نەخشەی مۆدێرنی شارەکە ناوی دێت، ناوی لە زۆر وەزیرو کاربەدەست و ئەندامانی م. س. هاتووە.

 هەموو ڕۆژێ فەرهاد پیربال لە هەولێرەوە ئەو شارە دەهەژێنێت،

 زۆر کەسیش بە ترسەوە لە ناوی و شێوەی خۆیان لە نووسینەکانی ئەو دەگەڕێن،

زۆریش دەترسێن سبەی یان دە ڕۆژی تر ناویان بێت،

زۆریش حەز دەکەن ئەو پیاوەی یەکەم کەس هاتەوە کوردستان، دووبارە بچێتەوە ئەوروپاو دوور بکەوێتەوە، لەوێشەوە سەد تەلەفۆن و ئیمیلیان بۆ بکاتەوە تا دەعوتێکی تاڵ و سەفەرێکی بەمنەتی بۆ ریکبخەنەوە، سەد رۆژیش چاوەروان بێت تا سیپارەیەکی بۆ چاپ بکەن.

بەڵام ئەو لە هەولێر لە رۆمانێکدا، باوکی دۆزیوەتەوە، هێشتا ماوەیەتی دایکی و پلکی و مامۆستاکەی و شێخی چۆلی بدۆزێتەوە، لەوێ دەبێت تا ببنێت قەڵاتەکەی حاجی پووشۆی ناو رۆمانەکەی باوکی وەک قەڵاتەکەی براغی وڵاتی چیکی لێ بێت،

لەوێ دەبێت تا شاهیدی رۆیشتنی دووبارە ئاوەکەی ( سەنحاریب ) بێتەوە لە ناو شاری هەولێر، لەبەر ئەوەی ئەو شەرم ناکات ئەگەر ممنوع نەبێت ..!! یەکەم کەس خۆی رووت و قووت دەکاتەوە، لە خۆشیا لەناو ئاوەکەی باسکە مەلەیەکەش دەکات .

ئەو پیاوە ئازابوو زوو بریاریدا لە وڵات دەربچێت و ئازاش بوو زوو گەرایەوە هەولێر. هاتەوە لە زانکۆیە ماندوو بێ پارە و بێ مووچەکە، لە زانکۆیە تاقانەکەی وڵات کاربکات، ئەو دەمانەی ئەو هاتەوە، هەرچی مامۆستا و شەهادەداری عەرەب و هەندێ کوردیش بەرەو بەغداو شارەکانی تریش بە خشە خشە کشانەوە، زۆریش لە سنوورەوە ئاودیوبوون، وا عەرەبەکان بە دەستماچکردنەوەو کوردەکانی دەرەوەش بە تزکیە دێنەوەو ئەویش دوورخراوەتەوە. ئەو لە تەنگانە بە دڵێکی گەشەوە هاتەوە، وا لە رۆژو سەردەمی گەشدا تەنگاوی دەکەنەوە.